بەڕێوەبەری شاری کریستیانساند ئەمڕۆ ٢٣ی مانگی فێبروار لە کۆبوونەوەیەکی کوتووپڕدا بڕیاریدا کە سەنتەرەکانی وەرزشی و هۆڵەکانی مەلێ دابخرێن. هەروەها قەدەغەبوونی خواردنەوی مەشروباتی ئەلکۆلی دەرکردو داوا دەکا کە هەموان دەمامەک لە ناو پاس و فرۆشگاکان بەکار بێنن.

بە تایبەت ئەم خاڵانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێ:

سەنتەرەکانی وەرزشی، هۆڵەکانی مەلێ و هەوشێوازی ئەمانە دادە خرێن(بێجگە لە هێندێک تایبەتمەندی)

شوێنەکانی خواردن نابێ ئەلکۆل بفرۆشن.

لە شوێنەکانی گشتی وەکوو فرۆشگاکان، ناو پاسەکان و حاڵەتەکانی ناوەوە کە ڕەچاوکردنی یەک مێتر مابەین زەحمەتە بەکار هێنانی دەمامەک پێویستە.




سەبارەت بە تووشبوون بە ڤایرۆسی کرۆنا، شاری کریستیانساند ڕەوەندێکی بە عەکسەوەی بە نیسبەتی شارە گەورەکانی دیکەی نۆروێژ هەیە.

**ئێستا گرینگە کە هەموان هاریکاری بکەین بۆ ڕاگرتنی تووشبوون بە کرۆنا**

یاسای تایبەت هەیە بۆ کۆبوونەوەکانی گشتی و تایبەتی، ئەگەر پرسیارێکت هەیە یا پێوەندی بە شارەوانی بکە یا بچۆ ناو ئەم لینکەی خوارەوە:

https://www.kristiansand.kommune.no/aktuelt/2021/strengere-smittevern/